# پردی جینۆساید لە بەغدا

ڕزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com



دوێنێ کارەساتێکی گەورە ، کۆمەڵکوژیەکی گەورە دژ بە شیعەکان تەنیا لە بەر شیعە بوونیان ئەنجام درا ، ئەوان لە ڕێپێوانێکی گەورەی ئاینیانەی خۆیان کە ژمارەی بەشدار بووانی بە نزیکەی 2 ملیۆن کەس مەزەندە دەکرا ، کەوتنە بەر هێرشێکی گەورەی تیرۆریستی پەلاماریکی پڕ لە رق و توندو تیژی ئاینی ، جینۆسایدێك بوو کە تا ئێستا ژمارەی کوژراوانی گەیشتۆتە نزیکەی 1000 کەس ، ئەم تاوانە گەورەیە ، ئەم کۆمەڵکوژیە بە چەند کردەوەیەك دەستی پێ ، بریتی بوو لە هێرش بە ( هاوەن ) ، ژەهراوی کردنی خواردنەوەو و خواردەمەنی ، دواتریش بلاّو کردنەوەی پروپاگەندە لە نێو رێپێوانە سەرەکیەکە کە گوایە کەسێك خۆی لە نێو ڕێپێوانەکە دەتەقێنێتەوە ، ئەمە دەبێتە هوی شلەژان و راکردنێکی بێ سەرو بەر ، سەدان ژن و منداڵ لە بن دەست پێ ی تەوژمی راکردنەکە گیانیان لە دەست دەدەن ، خەڵکێکی زۆر پاش دارمانی شیشبەندی لێواری ئەو پردەی کە رێپێوانەکەی لە سەری تێدەپەرەی بە تەوژم کەوتنە نێو رووبارەکە و خنکان .

توندو تیژی ئاینی ، ئارایش دانی خیتابی سڕینەوەی یەکتر ، زەوت کردنی مافی یەکتر ، یان باوەر نەهێنان بە مافی بوون و مافی ئازادی باوەر لە یەکتر بە تایبەتی لە باشوری عێراقدا رۆژانە بە خوێن و قوربانیانی سیڤیلّ ئاودەدرێتەوە ، ئەمڕۆی عێراق زۆر لە دوێنێ ی هیندستان دەچێ ، لەو کاتانە دەچێ کە بەریتانیا هێزەکانی خۆی کێشایەوەو شەڕی ئەهلی لە نێوان میلەت و بیرو باوەڕە جیاکان دەستی پێ کردو هەزاران قوربانی سیڤیلّی لێکەوتەوە ، لە هیندستان شەمەندەفەری رێگا دوورەکان کە دەهاتنەوە پڕاو پڕ بوون لە جەنازەی کۆمەڵ کوژی ژن و منداڵی کوژراو کە یان لەبەر ئەوەی هیندۆس بوون یان لە بەر ئەوەی ئیسلام بوو بوون هتد ، ئەمرۆ رووبارەکانی عێراق ، رووبارەکانی کۆنترین شارستانیەتی گۆی ئەم زەمینە ، رروبارەکانی شارستانیەتی ( میزۆپۆتامیا ) وەکو شەمەندەفەرەکانی سەدەی رابردووی هیندستان رۆژانە جەنازەی گروپی جیاوازی لێ کۆ دەکرێتەوە ،

عێراق پێویستی بە دەنگێکە دەنگی ئەنتی توندو تیژی بێ ، لە هەر بیرو باوەڕێکی جیاواز و سەر بە مەزهەبێکی جیاواز"غاندی " ئاسا قسە لە سەر دان بە بوونی ئەوانیتر دابنێ ، پێویستی بە بزوتنەوەیەکی جەماوەری بەرینە ، کە هەموو ڕەنگەکان بە دەوری پرۆژەی نا بۆ توندو تیژی کۆببنەوە ، پێویستی بە پرۆسەیەکە هزری دیموکراتی ببێتەوە بە شێکی زیندووی پلمیکی سیاسی لە چارەنووسی ئەم وولاتە ، چونکە نەك تەنیا لە پرۆژەی نووسینی دەستور ، بەڵکو لە ئەزموونی عەمەلی 2 ساڵی رابردوو ، بە ئاشکرا دەرکەوت کە دین ناتوانێ دوو کاری سەرەکی لە عێراق ئەنجام بدا :-

یەکەمیان / دین چ وەکو بەدەنێکی کۆمەڵایەتی ، چ وەکو سێبەری زاڵ بە سەر نووسینەوەی دەستوری عێراق نەیتوانیوەو توانای ئەوەی نیە ئەلگۆیەکی مومکین بۆ پێکەوە ژیانی میلەت و مەزهەبە جیاوازەکان لە عێراق دابین بکات .

دووەمیان / دین ناتوانێ و ئەو لۆژیکە دیبلۆماسیەی نیشان نەداوە کە دان بە ئیختیاری تر دابنێ ، وەکو ئیختیاری جیابوونەوە ، وەکو ئیختیاری سەلاحیاتێکی زۆر ستانداری ئیداری سەربەخۆ لە چەشنی بوونی هەرێمە جیاوازەکان بە تایبەتمەندیەکانی کولتوری خۆیانەوە .

تاقە ئەلتەرناتیفێك کە دەتوانێ ئەو میکانیزمە بخاتە بەردەمی خەڵکی ڕەنگاو ڕەنگی عێراق دیموکراسیە ، دیموکراسی نەك بە مانا دیعایە سازی و بەرژوەندیە حیزبیەکان ، بەڵکو بە مانای ئەو زەمینەیە کە بوون ی مادی و عەمەلی دەبەخشێتە ئیختیارە جیاوازەکان ، خەڵکی عێراق بە هەموو رەنگەکانیەوە ، دەتوانن بۆ دەرگای پێکەوە ژیان ، یان بۆ دەرگای جیابوونەوە لە یەکتر دەست بۆ دیموکراسی ببن ، کوشتن و بڕین لە سەر کورد بوون ، لە سەر شیعە بوون ، لە سەر سونە بوون ، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێ ، زەخیرەی چەندین شەڕی نەبڕاوەی بو نەوەکانی داهاتوو ، بۆ ئەم چەرخە وەکو مۆتەکە بە سەر ئایندەی میزۆپۆتامیا هەڵدەواسێ .

ئەم هێرش و کۆمەڵکوژیە بۆ سەر شیعەکان لە بەغدا مەحکومە ، جینۆساید لە ژێر هەر برو بیانوویەك بە رێوەبچێ جینۆسایدە ، تۆلەسەندنەوەش لە سیڤیلی سونە مەحکومە و ئاگری جینۆساید کردنی یەکتر خۆش دەکا . رێکخراوی تیرۆریستی نزیك لە قاعیدە مەسئولیەتی خۆی راگەیاندووە لەم کارە ، شیعەو سونە بە یەکەوە دەتوانن فەشەل بە موراهەناتی سیاسی قاعیدە بێنن لە عێراق ، قاعیدە لە عێراق و لە هەموو شوێنێکی دونیا لە سەر ناسنامەی توند و تیژی ئاینی و مەزهەبەکان مشەخۆری خۆی تاقی دەکاتەوە ، هەر سوود بیننێکی حیزبی یان تائیفی لە تراژیدیا بە کۆمەڵ کوشتنی خەڵکی سیڤیل ، حیزبە سیاسیەکانی شیعە بیکەن چ حیزبە سیاسیەکانی سونە بیکەن خزمەتی راستەوخۆی خۆش کردنی شەڕی ئەهلیە لە عێراق .